# بەکارهێنانی دین بۆ سیاسەت

## هۆکارەکان، شێوازو جۆرەکان، کاریگەریەکان


نووسینی:

**أ.د. ئیبراهیم سەلاح ئەلهودهود**

سەرپەرشتی و پێشەکی

**أ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوسی**

وەرگێرانی:

**مەلا ئەمیر عبدالستار گەردی**

پێداچوونەوەی:

**د. عەبدوللا مەلا سەعید وەیسی**



2020

# بەکارهێنانی دین بۆ سیاسەت

## هۆکارەکان، شێوازو جۆرەکان، کاریگەریەکان


نووسینی:

أ.د. ئیبراهیم سەلاح ئەلهودهود

ئەندامی کۆڕبەندی توێژینەوە ئیسلامیەکان- جێگری سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر

سەرپەرشتی و پێشەکی

أ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوسی

ئەندامی دەستەی گەورە زانایانو جێگری سەرۆکی رێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی:

مەلا ئەمیر عبدالستار گەردی

راگەیاندنی یەکێتی زانایان

پێداچوونەوەی:

د. عەبدوللا مەلا سەعید وەیسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



أربيل _ كوردستان

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٤١هـ | ٢٧٢٠ك | ٢٠٢٠م |

**له بڵاوكراوەكانی**

**يەكێتی زانايانی ئايينی ئيسلامی كوردستان**

**زنجيره (٦٨)**

الكتاب: **التوظيف السياسي للدين**

المؤلف: أ.د. إبراهيم صلاح الهدهد - **رئيس جامعة الأزهر السابق**

**تقديم ومراجعة**: أ.د. محمد عبدالفضيل القوصي- نائب رئيس المنظمة العالمية لخريجي الأزهر.

**الترجمة الى الكوردية**: الشيخ أمير عبدالستار-المنسق الإعلامي إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

**مراجعة**: الدكتور عبدالله سعيد ويسي - رئيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان.

**سنة الترجمة**: ٢٠٢٠ م - ١٤٤١ هـ .

**منشورات**: المنظمة العالمية لخريجي الأزهر - الموقع الألكتروني: www.waag-azhar.org

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان - الموقع الألكتروني: www.zanayan.org

**حقوق الطبع محفوظة**

بسم الله الرحمن الرحيم

## لەم کتێبەدا:

ئەم توێژینەوە دەسەلمێنێ، کە بەکارهێنانی دین بۆ مەرامی سیاسی چەندە مەترسیدارە، مەترسیەکەش دەکەوێتە سەر خودی دین، چونکە هەموو دەقەکان دەیسەلمێنن، کە دین ڕەحمەتە،(وما أرسلناك إلا رحمةً للعالمين) (الأنبياء/١٠٧).

دەری دەخات کە هەڵەو پەڵەی دزێوی هەندێك لە وانەی خۆیان بە موسڵمان دەناسێنن، چ زیانو لێدانێکە بۆ ئیسلامو چەندە وێنەی ئیسلامی شێواندووەو ناشرینی کردووە.

بەکارهێنانی دین لە سیاسەت لە رابردوو چۆن بۆتە بارێکی گرانو بەناوی فەرموودەوە چەندان قسەی بێ ماناو زیانبەخش بڵاوکراونەتەوەو چەندین تەئویلو تەفسیری ناماقوڵ بۆ دەقە ئایینیەکان کراون.

بۆیە: ئەرکی سەرشانی زانایانی ئایینی راستەقینە قورستر دەبێت، بۆ پاراستنو داکۆکیکردن لە پاکیو بێگەردی رووی ڕاستی ئیسلام، هەروەها بۆ دەرخستنی هەموو ئەو پیسیو پۆخڵیەی بە دینەوە لکێنراوە، تا گەنجانمان پارێزراو بن.

تەواوی نووسینەکە تەعبیر لە بۆچوونی نووسەر دەکات، بەڵام ئامانجی وەرگێرانەکە بایەخدانە بە پرۆژەی رۆشنبیری هزری و تێگەیشتنی راستەقینە لە ئیسلام و چەمکەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بەو رێرەوەی گەورە زانایان چوارچێوەیان بۆ دارشتووە..

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەكی

## به پێنووسی أ.د. محمد عبدالفضيل القوصي

## ئەندامی دەستەی گەورە زانایان لە ئەزهەری شەریف

كە كێشەو باسوخواسێك، زیاتر لە ڕاوبۆچوونێكی لە خۆگرتو كەسێكیش ویستی لێی وردبێتەوە" ئەوە خۆی لە نێوان دوو لایەنی دژ بە یەك دەبینێتەوە، بە جۆرێك كە هەر دوو لایان هەوڵی لە ناوبردنو رووخاندنی تەواوی یەكتری دەدەن.. بۆ نا؟ لەكاتێكدا هەر دوو لا بە تووڕەییێكی وا سەیری یەكتری دەكەن" تەنها بەدیو خراپی لە یەكتری دەخوێننەوەو گفتوگۆكردنیش لە نێوانیاندا میسداقیەتو ڕاستیو ڕەوانیو چاكی خۆی لە دەستداوە!!

مێژووی قافڵەو كەشتی هزری ئیسلامی –لە تێكڕای سەردەمە جیاوازەكانی– لە ئاست خوێندنەوەو تێگەیشتنی بۆ دەقەكانی قورئانو سوننەت" هەندێكجار بە تەنیشت كەنارێكی نا ئارام و نا جۆردا تێپەڕیووە، لە رووی دەستگرتن بە تێگەیشتنو خوێندنەوەیەكی رووتو رووكەشانە بۆ دەقەكان" دوور لە دەلالەتو مانا مەعریفیو شەرعی و بەلاغیەكان، بەجۆرێك كە ناسكی و جوانی قورئانی پیرۆزی لێ شێوێندراوە وونكراوە –وەك ئەوەی "الزركشي" وێنای كردووە– تەنانەت هەندێكجار ئەو تێگەیشتنی وشك و رووكەشانە، وەك پێوەری ڕاستی و درووستی ئیمان و عیبادەت و موعامەلاتیش سەیركراوە، تا ئەو ئاستەی كە دڵ ڕەق دەكاتو سینگ دەگوشرێنێ!!

لەو كەنارە وشك و برینگە" لە هزری ئیسلامی –بەڵكو لە مێژووی خودی ئیسلامیش– دا، زۆر دەرچەو دەرگای شەرو خراپە و نالەباریوئالۆزاوی كراوەتەوە، پەیوەست بە هزرو فكر:

یەكەمیان: دەرگای تەكفیرو بە كافر زانینی یەكتری، كە دواتر ئەویش بۆتە مایەی خوێنرێژی" لە ژێر سێبەری تێگەیشتنی سەقەتو خوێندنەوەی غەڵەت بۆ بابەتی كوفرو ئیمان، هەروەها بوویتە هۆی بڵاوكردنەوەی بیری توندڕەویو ترسو تۆقاندنو تیرۆر" بەم هۆیەوە وشكو تەڕی بە یەكەوە سوتاندووەو بەرگی خوێن و مەرگی بە بەر ئیسلام—ی رەحمەت و دڵنەوایی- دا كردووە، لە كلیلی دەرگای ئارامی و ئاشتەوایی دڵ و رۆحەكانەوە، گۆڕاوە بۆ ترسێنەر و داخەری دڵ و رۆح و ژیانەكان.

دوومیان: زاڵبوونی شكڵو شێوە بە سەر ناخ و ناوەرۆك، گرنگتربوونی رووكارو روخسار لە ناواخن و كرۆك —وەك ئەوەی ئیمامی غەزالی لە "احیاء علوم الدین" باسیكردووە- كە لە ئەنجامدا مێشكێكی رەقە كارو دڵێكی وشكو مامەڵەو هەڵسوكەوتێكی نا لەبارو توندئاژۆی لێوە بەرهەمهاتووە، ئاخر تێگەیشتنی حەددیو حەرفیانە" كۆتاییەكەی هەر كاڵبوونو نەمانی هەستو سۆزو زەوقو سەلیقەو ویژدانە!

سێیەمیان: ئەم رووكەشی بوون و گرنگیدانە بە رواڵەتو شێوە، لە سەردەمی ئێستاماندا بەرەو ئاقارێكی زۆر خراپتر ملی رێی گرتووەو مەترسیەكەشی لە پێشتر گەلێك زیاتربووە" ئەمەش دوای ئەوەی كە ئەم بەرەو رەوتە دەنگ بەرزانە بانگەشەی ئەوە دەكەن، كە گەڕانەوەو بۆ خواسوڵحان و چاكبوونی كۆمەڵگە و چاكسازی بریتی نیە لە —ئەوەی كە ئیسلامی راستەقینە دەیلێت- چەسپاندن و جێبەجێكردنی حەق و ڕاستی و دادگەری لە سەرتاسەری زەوی، بەڵكو تەنها بریتیە لە وەدەستهێنانی دەسەڵاتو كورسی و فەرمانڕەواییكردن!!

بۆیە لە تێگەیشتنی حەرفیانەو شەكلیانەی خۆیان سیاسەتی شەرعیان لێ بۆتە گەمەی سیاسەت" هەموو دەقە شەرعیو رووداوەكانی مێژووی ئیسلامیش بۆ ئەو مەبەستە بەكاردەهێننو وەك ئامرازێك دەیانسوڕیننو دەیانهێنن و دەیانبەن بۆ سەرخستنی رەوتو

لایەنەکەی خۆیان، بەجۆرێك کە دینو دینداری" بەم هەموو جوانیو پاکیو گەورەییەی" ناماقوڵانە تێکەڵ بە گەمەی سیاسەت و فرتوفێڵەکانی دەکەن.

لێرەوە پێیان دەڵێم: وریا بن ئەو هاندانو توندئاژۆییە توندی و رەقەکاری زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێ، خاك و نیشتیمانیش بەرگەی ناخۆشیو کێشەی لەوە زیاتر ناگرێ!

ئێستا لە هەر سەردەمێك زیاتر پێویستمان بە گوتارێکی ئاینی لێزانانەو میانڕەو هەیە، گوتارێك کە ئەو هەموو ناکۆکیو بەرەو لایەنانە لە باوەش بگرێتو چاو لە خراپیەکانی رابردوویان بپۆشیّ با بەس بێ چیتر دەق و ماناو مەبەستە جوانە شەرعیەکان، لە سەر حیسابی گومانی عەقڵو لێکدانەوەی بچووك نەفەوتێنین، ئەوەی بە یەقینی عەقڵی سەلیمیش دامەزراوە، لە سەر حیسابی عەقڵی شەکلیو حەرفی نەیروخێنین، با لە جیاتی خۆشترکردنی ئاگری فیتنە" تەواوکاری یەکتری بین بۆ میانڕەویو دوورکەوینەوە لە توندڕەویو شلڕەوی، ئەو کاتە ئوممەتو خەڵكو خاك بەرەو ڕاستەڕیو کەناری ئارامی هەنگاو دەنیّ، هەڵەو پەڵەکانی خۆی چاكو پاك دەکاتەوە.

**محمد عبدالفضیل القوصی**

**قاهیرە: ١٤٤٠ی کۆچی**

# پێشەكی

الحمدُ لله المرسلِ رسالتهُ الخاتمة رحمةً للعالمين، الآمرِ في محكم كتابه ببرِ من لم يُقاتِلنا في الدين، وأُصلي وأُسلم على منْ جاءَ برسالتهِ رحمةً للعالمين، واستظل برحمتهِ غير أتباع الدين.

ئەم توێژینەوەو بەدواداچوونە لە كاتێكدایە، كە ئوممەتی ئیسلامی لە حاڵ و بارودۆخێكی تاریك و ناخۆشدایە" تەنانەت شوێنكەوتووان و هەڵگرانیشی تیربارانی دەكەن، ئەمەش بە هۆی هەڵسوكەوتی ئەوانەی بەناوی دینو دینداریەوە خوێن دەڕێژنو ئافرەتان دەڕفێنن، لەو پەنایەوەش كەسانێكی بێ ئینساف دەرفەتیانگرتووەو ئیسلام بە شێواوی و بە دزێوی بۆ موسڵمان وێنا دەكەن، تا وا لە مێشك هزریان بكەن" باشترین بژاردە دووركەوتنەوەیە لەو دینە لە شوێكەوتووانیشی، لەگەڵ ئەوەی ئاشكرایە كە هەر دینێك، بەڵكو هەر ئایدیا و ڕێڕەوێكی فیكری ئینسانی، كەسانێكی لادەر و گومڕایان تێدا هەڵدەكەوێ، لە شوومی و خراپەی خۆیان" غەڵەت و هەڵە و پەڵەی وا دەكەوێتە بیروباوەڕیان، كە دواتر لە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر كاروكردار و هەڵسوكەوتیشیان" مەگەر دەكرێ هەر هەموو رۆژئاواو شوێنكەوتووانی ئایینی مەسیحی لە رۆژئاوا بەخراپ سەیر بكەین، لە بەر ئەوەی كەسانێكیان بێڕێزیان كرد بوو بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم–؟؟

بێگومان ناكرێ، بەلاَم دڵنیاین لەوەی كە بیرو فیكری هەندێك لە توندڕەوانیان هەر ئەوەی تێدایە، كەواتە حاڵەكە وەك خۆی دەبێ هەڵبەسەنگێندرێ و سەیر بكرێ.

ئەم توێژینەوەیە چەند باس و گفتوگۆیێك لە خۆ دەگرێ:

**یەکەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی دین لەسیاسەت**، کە ئەم بابەتانە لە خۆی دەگرێ: (هۆکار و پاڵنەرە مەزهەبیەکان، ڕقو کینەی ئەوانەی بە زمان موسڵمانن‌و بەدڵیشیان دژایەتی ئیسلام دەکەن، کێشمەکێشی وەدەستهێنانی کورسی‌و دەستەڵات).

**دووەم: شێوەو جۆرەکانی بەکارهێنانی دین لە سیاسەت**، کە ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێ: (دانان و درووستکردنی فەرموودە بۆ سەرخستنی سیاسەت، تەئویل و گۆڕینی مانا و مەبەستی ئایەتەکانی قورئان بۆ خزمەتی سیاسەت، شکاندن و بێئەرزشکردنی نەیاران و دژبەران، لایەنگیریکردنی دەسەڵاتداران بۆ راوبۆچوونێکی ئایینی لە دژی ڕاوبۆچوونێکی دیکەی ئایینی).

**سێیەم: لێکەوتەو ئەنجامەکانی بەکارهێنانی دین لە سیاسەت**، کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێ: (زۆربوونی شەڕ و ئاژاوە لە نێوان موسڵمانان، خوێنڕژان و توندوتیژی، لاواز بوون و بێهێزبوونی موسڵمانان، ئازاردانی زانایانی ئایینی).

خوای گەورە یارمەتیدەر و پشتیوانی هەمووومان بێت...

وصلی الله علی سیدنا محمد وآله وصحبه وسلم

## دەستپێك..

ناوەرۆکی دین لە فەلسەفە ماددیەکاندا، بریتیە لە: خەیاڵ و ئەندێشەی دانپێدانراو لە عەقڵی مرۆڤەکان.

بەڵام لە دارِشتن و یاسای خوای گەورەدا، واتە: ئەو پەیام و دارِشتە خواییەی، لە ریگەی جوبرائیلەوە بە وەحی بۆ هەموو پێغەمبەران –سەلامی خوای گەورەیان لە سەر بێ– نێردراوە، بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی عاقڵمەند بۆ بەرژەوەندی و خێری دونیا و قیامەتیان[1].

سیاسەت: هەموو وڵاتانو گەلانی سەر دونیا بەکاری دەهێنن، بەڵام لە شارستانیەتی رۆژئاوا" دەکرێ داینەمۆو جێبەجێکاری هێز بێت، وێرای چاوپۆشیکردنی رێوشوێنەکانی سیاسەتەکە لە رەوشت و قیەم، بەڵام دارِشتەی ئیسلام لە فەلسەفەی سیاسەت" بریتیە لە بەرِێوەچوونی رێوشوێنە سیاسیەکان بە ئەخلاقو رەوشتەوە، بۆیە سیاسەت لێرەدا بەو مانایە دێت، کە خەڵکی لە چاکەو چاکەکاری نزیکترببنەوە، لە خراپەو خراپەکاریش دوورتربنەوە[2].

١– برِوانە: في فقه الحضارة الإسلامية: د. محمد عمارة :لاپەرە ٢٢. و:الكليات لأبي البقاء الكفوي مادة (د ي ن) .

٢– برِوانە: في فقه الحضارة الإسلامية: د. محمد عمارة:لاپەرە ٢٢. و:إعلام الموقعين عن رب العالمين : إبن القيم الجوزية:٤/٤٠٩ تعريف السياسة.

# هۆکارەکانی بەکارهێنانی دین لە سیاسەت

## یەکەم: هۆکار و پاڵنەرە مەزهەبییەکان:

لە دوای نەمانی ئیمامی عومەر –خوا لێی ڕازی بێت– نەیارانی ئیسلام، لە مونافیقان و بێباوەڕان و جولەکەکان" لێبوردەیی و نەرمی و لە سەرەخۆیی ئیمامی عوسمانیان قۆستەوە و لە ژێر ناو و پەردەی خۆشویستنیان بۆ ئیمامی عەلی –خوا لێی رازی بێت– و ئالو بەیت، بە سەرپەرشتی"عبدالله بن سبأ"ی جولەکە" یەکەم تۆوی فیتنە و دووبەرەکیان چاندو ئەوەیان لە ناو موسڵمان بڵاودەکردەوە، کە ئیمامی عەلی شایەنترە بۆ خەلافەت، بەڵکو بەدەمی پێغەمبەری خواوە –صلی الله علیه وسلم– فەرموودەشیان هەڵدەبەست، وەك: (لكلِ نبيٍ وصي، و وصيّي علي)، بۆ پشتیوانیکردنی زیاتری ئەو بانگەشەیەیان، تا دواتر کار گەیشتە ئەوەی کە "عبدالله بن سبأ" بانگەشەی خوایەتی ئیمامی عەلی بکات، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئیمامی عوسمان لە شاری مەدینە دەری بکات، لە پاش ئەویش و لە سەردەمی ئیمامی عەلی خوێنی حەڵاڵ کرا" بەو مانایەی کە لە هەرکوییەك بینرا بکوژرێت.

بەداخەوە ئەو بانگەشەیەی "عبدالله بن سبأ" ڕەواج و بازاڕێکی زۆری بۆ پەیدا بوو، بە تایبەت لە میسر، کە دەرەنجامی ئەو ئاژاوەیەش شەهید بوونی ئیمامی عوسمانی لێ کەوتەوە، هەروەها چەندین جەنگی خوێناوی و پڕ لە کارەساتیشی نێوان موسڵمان بەرپا کرد، کۆمەڵێك دروست بوون بەناوی "شیعەی عەلی" پشتیوانیان لە ئیمامی عەلی دەکردو، کۆمەڵێکیش پشتیوانیان لە ئیمامی عوسمان دەکرد، کۆمەڵێکیش بوونە خەواریجو

دوژمنداریەتی شیعەكانیان دەكرد، هەندێكی دیكەش درووست بوون پشتیوانیان لە موعاویەی كوڕی ئەبوسوفیان دەكرد.

هەندێك لەو گرۆپو كۆمەڵانە" بەحەلاڵیان دەزانی كە بۆ پشتیوانیكردن و بەهێزكردنی پێگەی خۆیان، بەناوی پێغەمبەری خواوە -صلى الله عليه وسلم- فەرموودە هەڵببەستن، تەفسیری قورئانو سیرەو مێژووی ئیسلام بەدڵی خۆیان دابرێژن" ئەم هەموو كارەساتانە لە ساڵی ٣٦ی كۆچیەوە سەریانهەڵدا[1].

تا دەهات ناكۆكیو دووبەرەكیەكان زیاتر دەبوون، ئەوە بوو عەباسەكیانیش هاتنە سەر دەسەلات و دیسان خەڵكانێكی هەڵپەرست و دوور لە ئیمان، بۆ خۆنزیككردنەوەو وەدەستهێنانی برێك پارە و پوول و رەزامەندی خەلیفەكان" هەمان كاریان دووبارەكردەوە و بە فەرموودەی هەڵبەستراو" شان وشكۆی هەندیكیان بەرزدەكردەوە و هەندێكیشان تێكدەشكاندن[2]!

سەردەمی نوێش هیچی كەمتر نەبووە لە هی رابردوو" كەسانێك هەن بە دوای هەنگاوەكانی سەردەمی رابردووەوە هەنگاویان ناوەتەوە، هیچ هەق و مافێكیش نادەن بە بەرامبەرەكانیان، تەنها خۆیان بەراست و رەوان دەزانن، ئەوەتا بۆ نمونە یەكێ لە زانایان بە شوێنكەوتووانی دەڵێت: (راسترین پەیام، پەیام و بانگەوازی ئێوەیە" خەڵكی دەبێ بێن بە دوای بانگەوازتان، نەك ئەو بچێ بەدوای كەسەوە، هەموو خێرو چاكەیەك لە بانگەوازەكەتاندایە،

---

١- بڕوانە: الإسرائيليات و الموضوعات في كتب التفسير :د. محمد أبو شهبة، لاپەرە ٣٢-٣٣.

٢- بڕوانە: هەمان سەرچاوە ، لاپەرە ٣٧.

بانگەوازەکانی دیکە لـە کەموکوڕی بێبەش نین، بۆیە گەرموگوڕبن‌و مساوەمە قەبوڵ مەکەن‌و بەهێزبن" هەرکەسێك هاتە نێو ریزەکانتان بەخێربێت)[1]، هەروەها دەڵێت: (تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو و ئێستاش سەلماندوویەتی" خێر تەنها لـە رێڕەو و بەرنامەی ئێوەدایە، بەرهەم تەنها بە پلانەکانی ئێوە دێتە ئەنجام، ڕاستی هەر ئەوەیە کە ئێوە لێی دەزانن، بۆیە ماندووبوونی خۆتان لـە شتی دیکە بە هەدەر مەدەن، درووشمی سەرکەوتنتان مەخەنە نێو قومار و مەیدۆڕێنن)[2]، کە ئەمە ناشرینترین شێوازی سەیرکردنی ئەو بەرامبەرەیە کە موسڵمانە و هاودینە" ئەی ئەگەر موسڵمان نەبوو؟؟ بەکورتی هەموو رێگاکان قەبوول نین و ڕاست نین بەدیدی ئەوانەوە، جگە لـە ڕێگە و ڕێچکەی خۆیان، هەموو کارێکیش سووك و بێ ئەرزشە، جگە لـە کاروکردەوەی خۆیان، هەر ڕێکارو شێوازێکی بانگەوازیش ئاساییە بەکاربهێنرێ لـەگەڵ بەرامبەر، چونکە لـە شوێنێکی تر دەڵێت: (ئیخوانەکان بیر فراوان و دوور بینن... ئەوان دەزانن کە یەکەم پلـەی بەهێزی" هێزی عەقیدەو ئیمانە، ئینجا هێزی یەکیەتی‌و پەیوەندی پتەو، پاشان هێزی چەك و بازوو.. ئیخوانەکان بەکردارەکی هێز بەکاردەهێنن" ئەگەر هاتوو جگە لـە هێز هیچ شتێکی دیکە سوودی بەدەستەوەنەدا)[3]، هەربۆیەش لـەکاتی بەیعەتدانیاندا قورئان‌و چەکیان دادەنا، ئەو چەند دێڕەی "محمود الصباغ" بخوێنەوە، کە باس لـە چۆنیەتی بەیعەتدان دەکات.

---

١– بڕوانە: مذكرات حسن البنا: لاپەرە ٢٣١.

٢– بڕوانە: مذكرات حسن البنا: لاپەرە ١٢٧.

٣– بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو: لاپەرە ١٣٥. و: من سر المعبد: ثروت الخرباوي، لاپەرە: ٢٠٤.

لەکاتێکدا کە خۆی یەکێك بووە لە کەسە دیارەکانی ئیخوان: بەیعەتدان لە ژوورێکی تاریکی ماڵێکدا بەڕێوە دەچوو لە گەڕەکی (الصليبية)، سێ کەس دەچوونە ژوورەوە و بەرامبەر بە کەسێك دادەنیشتن کە سەرتاپای جەستەی بە پارچە پەڕۆکێکی سپی داپۆشی بوو، تەنها هەردوو دەستەکانی بەدەرەوە بوون و لەسەر مێزێکی بەرامبەریشی قورئانێك و دەمانچەیەك دانرابوو کەسیش نەیدەزانی ئەو کەسەی پەڕۆکە سپیەکە کێیە" لە سەرەتای بەیعەتدانەکەشدا چەند ئایەتێك دەخوێنرایەوە، کە ئەو ئایەتانە بوون باسی جیهادیان دەکرد لە پێناوی خوا و وەك فەرز دەیانسەپاند بەسەر هەموو موسڵمانێکی نێر و مێ، وایان لە ئامادەبوو دەگەیاند کە لە ئێستادا و بەهۆی ئەو دۆخەوە دەبێ بە نهێنی ئەو کارە شەرعیە بکەین، تا ئیسلام سەربخەین، پاشان دەیانگوت: "ئەگەر خیانەتت کرد، یان ئەو نهێنیەت ئاشکراکرد" جێگەت ناو دۆزەخە"، دواتریش کەسەکە ئامادەبووەکە سوێندی دەخوارد، کە دەچێتە ریزی هێزی ئیسلامیو گوێڕایەل دەبێت[1].

هەریەك لە گەورە زانایان" شێخ "محمد الغزالی" و "سید سابق"یش بەلای هەڵگرانی ئەم بیرە لە ئەهلی دۆزەخن، شێخی غەزالی دەگێڕێتەوە، کە: جارێکیان لەگەڵ مامۆستا سەید سابق بەیەکەوە بەڕێگادا دەڕۆیشتین، دوو گەنج کە ئەندامی ئیخوان بوون بەلاماندا تێپەڕبوون و بەئەنقەست بە دەنگێکی بەرزەوە باسی ئێمەیان دەکردو دەیانگوت: ئەوانە ئەهلی دۆزەخن.. بیرمدەکردەوەو خەمم دەخوارد لەوەی کە بەو سادەییەو بەشێوەیە گاڵتە بە ئیسلام و موسڵمانان دەکرێ و سیاسەت خەواریجەکان دووبارەدەکرنەوە" لەعنەت و

---

١- بڕوانە: التنظيم الخاص:محمود الصباغ: لاپەرە ١٣٢. و: مع الإمام الشهيد حسن البنا: محمود عساف،لاپەرە: ١٥٤.

بێڕێزی و سوکایەتی بەرامبەر بە ئەهلی ئیسلام دەکەن و ئەهلی بێدینی و خراپە و خراپەکاریش پشتیان تێکراوە و کەس باسیان ناکا[1]..

ئەم حاڵ و ئەم جۆرە قسەو باسانەش پەیوەست نیە، بە سەردەمێکی تایبەتی ئەم گرووپە، بەڵکو بە بەردەوامی هەر وا بیردەکەنەوە و وا دەڵێن، ئەوەتا دکتۆر "جمال عبدالهادي" لە یەکێك وانەکانیدا دەڵێت: (ناتوانین هیچ کەسێکی دیاریکراو بە کافر دابنێین" مەگەر بەڵگەیەکی لەبەر دەستدا هەبێ، بە قسە یان بەکردار، بەڵام دەتوانین حکومەت و دامودەزگاکان بە کافر دابنێین، ئەگەر کاریان بە حوکمی خوا نەکرد و دەشیانزانی کە دەبێ کاری پێبکەن، ئەم زانینەش بەوە دێتەجێ" کە کەسێکی ئەهلی عیلم و شارەزا ئاگاداریان بکاتەوە، لە ئێستاشدا لە بەر ئەوەی ئێمە حکومەت و دەسەڵاتدارانمان ئاگادارکردۆتەوەو هیچ عوزرێکیان نەماوە" بۆیە دەسەڵاتدارانی میسڕی و حکومەتەکەی کافرن و لە بازنەی ئیسلام نەماون)[2].

---

١- بڕوانە: من معالم الحق في كفاحنا الإسلامي: الشيخ محمد الغزالى: لاپەرە ٢٠٦.

٢- بڕوانە: من سر المعبد: ثروت الخرباوي، لاپەرە: ٢١٥.

## دووەم: رق و کینەی ئەوانەی بە زمان موسڵمانن و بەدڵیشیان دژایەتی ئیسلام دەکەن:

بێباوەڕان، لە جولەکە و فارس و رۆمەکان و خەڵکانی دیکەش، کە موسڵمان بوون" گێڕانەوەو بابەتی شێواو و بەناو ئایینی زۆریان هێنایە ناو ئیسلام، ئەمەش دوای ئەوەی کە لە ترسی رووبەرووبوونەوەی موسڵمانان، خۆیان وەك موسڵمان نیشاندا، لە ناخیشەوە وا نەبوون و دڵیان پڕ لە رقو کینە بوو، بە تایبەت لە پەنای خۆشویستنیان بۆ ئالوبەیت" شتی زۆریان هەڵبەست و زۆریان بەسەر ئیمامی عەلیدا هەڵگوت و بێڕێزی و سوکایەتی زۆریشیان بلاوکردەوە لە سەر هەر یەك لە ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمان و دایکمان عائیشەو گەورەمان عەمری کوڕی عاص و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان -خوا لە هەموویان رازیبێت-، پاشان عەبباسیەکانیش هاتن و لە سەر ئیبن عەبباس -خوا لێی رازیبێت- زۆریتریان هەڵبەست و درێخیان نەکرد لە بێڕیزیکردن بە ئومەویەکان و ئومەویەکانیش بەهەمان شێوە وەلأمی ئەوانیان دەدایەوە[1].

حەممادی کوڕی زەید دەڵێت: (ئەو بێ باوەڕانە" چواردە هەزار فەرموودەیان هەڵبەستووە)، ساڵی ١٦٠ی کۆچی لە سەردەمی "المهدی" خەلیفەی عەبباسیەکاندا کەسێك بەناوی "عبدالکریم بن أبي العوجاء"، کەخۆی وەك شیعە ناساندبوو، بەلام لە ئەسڵدا لە مانەویەکان بوو" دانی بەوە دانا، کە چوار هەزار فەرموودەی هەڵبەستووەو حەڕامی تێدا حەلاڵ کردوون و حەلاڵیشی حەڕام کردوون[2].

خەواریج و قەدەری و مورجیئە و کەڕامیە و باتینیەکانیش هەر وایاندەکرد، لە بەرامبەریشدا لایەنگرە توندڕەوەکانی موعاویەش -خوا لێی ڕازیبێ- بە هەمان شێوە بەرپەچیاندەدانەوە،

---

١- بڕوانە: الإسرائیلیات: لاپەرە: ١٢٢-١٢٣.

٢- بڕوانە: الفَرق بین الفِرق: البغدادي، لاپەرە: ٢٥٦.و:التبصیر فی الدین لاپەرە ٨١.

بۆ نمونە دەیانگوت: پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم– فەرمویەتی: (الأمناء ثلاثة" أنا وجبريل ومعاوية)، واتە: (سێ کەس ئەمیندار و پایەدارن" من و جوبرِائیل و موعاویە)، یان دەیانگوت: (أنت مني يا معاوية، وأنا منك)، واتە: (ئەی موعاویە! تۆ لە منی و منیش لە تۆم)، یان گوایە پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم– فەرمویەتی: (لا أفتقد في الجنة إلا معاوية، فيأتي آنفاً بعد وقتٍ طويل، فأقول: من أين يا معاوية؟ فيقول: من عند ربي يناجيني وأناجيه، فيقول: هذا بما نيل من عرضك في الدنيا) واتە: (لە بەهەشتدا تەنها بیری موعاویە دەکەم و بەدوایدا دەگەڕێم، پاش کەمێك معاویەم بەرچاو دەکەوێت و لێی دەپرسم: ئەوە لە کوێ بووی؟ ئەویش دەڵێ: لە لای خواوەندەوە بووم و بەیەکەوە گفتوگۆمان دەکرد و پێیگوتم: ئەو نزیکیەی تۆ لە من" بەهۆی ئەوەوەیە کە لە دونیا زۆر بە خراپە باسیان کردووی)!

لایەنگرانی عەبباسیەکانیش" لە بەرامبەر ئەو بەناو فەرموودانەی کە لە سەر مەدح و پیاهەڵدانی ئیمامی عەلی دەهۆنرایەوە، هەر بە درۆوە دەیانگوت: پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم– فەرمویەتی: (العباس وصيي و وارثي)، واتە: (وەسیەتم کردووە ، کە عەبباس شوێنگرەوەی منە)، بەشێوەیەکی گشتی" شیعە و ڕکابەرانیان، زۆرترین فەرموودەیان هەڵبەستووەو لەو ڕێیەوە باسی گەورەیی و شکۆمەندی سەرکردەو کەسایەتیەکانی خۆیانیان دەکرد[1].

١– بڕوانە: المحدث الفاضل للرامهرمزي: لاپەرە: ٢٤٢.

## سێیەم: کێشمەکێشی وەدەستهێنانی کورسی و دەسەلات:

بە درێژایی هەزار و چوارسەد ساڵی پڕ لە کێشمەکێشی وەدەستهێنانی کورسی و دەسەلات، هەرکەسێك هاتووەو هەوڵێداوە بە دڵی خۆی دەقەکان هەڵگێڕو وەرگێڕ پێبکات" بۆ بەرژەوەندی فراوانکردنی پێگەو دەسەڵاتی خۆی و شکاندنی شکۆی بەرامبەر، یان بە وەرگێڕان و تەئویلی ناماقوڵ یانیش بە دانان و نووسینەوەی فەرموودە و دەقی نوێ و درۆیینە، وەك ئەوەی باسمانکرد، بۆ نمونە: کە دەوڵەتی ئومەویەکان دامەزرا" عبدالله ی کوڕی زوبەیر هەوڵی وەدەستهێنانی خەلافەتی دا، ئەوە بو لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویە، زۆرینەی شارو دێهاتەکان بەیعەتیان بە عبداللەی کوڕی زوبەیردا، خەواریجەکانیش هەوڵیاندەدا خەلافەتیان لە ژێر دەست بهێننەدەر، هەندێکیش لەو لاوە بەناوی ئالوبەیتەوە هەولی خەلافەتیان دەدا، پاشان کە ئومەویەکانیش روخان و عەبباسیەکان هاتنە سەر دەسەلات" دیسان خەواریجەکان هەوڵی وەدەستهێنانی خەلافەتیان دایەوە، ئیدی شەڕ و ناکۆکیەکان درێژەیان کێشا تا کار گەیشتە ئەوەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی بەش بەش و پارچە پارچە بوو.

# شێوە و جۆرەكانی بەكارهێنانی دین لە سیاسەت

## أ_ دانان و درووستكردنی فەرمووده بۆ سەرخستنی سیاسەت:

یەكەم: ئیمامی زەهەبی لە خوزەیمەی كوڕی نەصرەوە ریوایەتیكردووە، كە گوتویەتی: (سمعتُ علياً بصفين يقول: قاتلهم الله، أي عصابة بيضاء سوداء، وأي حديث من حديث رسول الله –صلى الله عليه وسلم– أفسدوا)[1]، واتە: (لە صەفین گوێم لە ئیمامی عەلی بوو دەیفەرموو: خوا لە ناویان ببا، ئالأی سپیان هەڵگرتووە، كەچی چەند ناخ رەشن" چەند فەرموودەی پێغەمبەری خوایان –صلى الله علیه و سلم– شێواند)، مەبەستی ئەو شیعانە بوو كە لە مەدحی ئیمامی عەلی و ئالوبەیت فەرموودەیان هەڵدەبەست.

شیعەكان نزیكەی سێسەد هەزار فەرموودەیان لە سەر فەزڵو گەورەیی ئالوبەیت، هەروەها شكاندنو بچووكردنەوەی موعاویە هەڵبەست، بۆ نمونە دەیانگوت: پێغەمبەری خوا –صلى الله علیه وسلم– فەرموویەتی: (إذا رأيتم معاوية على منبري فاقتلوه)، واتە: (ئەگەر موعاویەتان لە سەر مینبەرەكەی منیش بینی" هەر بیكوژن)، یان گوایە پێغەمبەری خوا –صلى الله علیه وسلم– دەربارەی موعاویە و عەمرِی كوڕی عاص فەرموویەتی: (اللهم أركسهما في الفتنة ودعهما في النار دعا)[2]،واتە:(خوایە" هەردووكیان تووشی فیتنە و بەلأ بكەو بەتێهەڵدان بیانخە ناو دۆزەخ).

دووەم: هەندێك كەسیش هەبوون بۆ وەدەستهێنانی دڵی خەلیفە و رازیكردنیان فەرموودەی هەڵدەبەست، وەك ئەوەی دەگێڕنەوە" جارێكیان "أبو البختري" كە قازی بووە لە لای خەلیفە "هارون الرشيد"، خەلیفە هەندێك كۆتری هەبووەو خەریكی

---

١– بڕوانە: تذكرة الحفاظ: الحافظ الذهبي:١/١١.

٢– بڕوانە: السنة و مكانتها في التشريع: مصطفى السباعي، لاپەرە: ٢١٥

هەڵفڕاندنیان بووە، بە قازی دەڵێت: هیچ فەرموودەیەکت گوێ لێبووە لەبارەی ڕاگرتنی کۆتر، ئەویش فەرموودەیەك هەڵدەبەستێ و پێی دەڵێ: (أنَّ النبـي كان يطير الحمام)، واتە: (پێغەمبەری خوا کۆتری هەبووەو هەڵیفڕاندوون)، خەلیفەش پێی دەڵێ: ئەگەر قوڕەیشی نەبووای دەرمدەکردیت!

هەروەها دەگێڕنەوە کە "غياث بن ابراهيم" دەچێتە لای خەلیفە "المهدي" لەوکاتەشدا خەلیفە لەلای کۆترەکانی بووە" ئەمیش بەهەڵی دەزانێ و فەرموودەیەکی بۆ دەهێنێتەوە، کە پێغەمبەری خوا –صلی الله عليه وسلم– فەرموویەتی: "لاسبق إلا في نصل أو حافر أو جناح" وشەی "جناح"ی بۆ زیاد دەکات، واتە: (پشبڕکێ لە تیرەندازی و ئەسپسواری و باڵداریدا بکەن)، وشەی "باڵداری" بۆ زیاد دەکات، کە خۆی لەفەرموودەکەدا نەهاتووە" خەلیفەش پێی دەڵێ: (سەروگوێلاکت بە هی کەسێکی درۆزن دەچێ)، دواتر فەرمان دەردەکا هەموو کۆترەکانی سەر ببڕن[1]!

## ب_ تەئویل و گۆڕینی مانا و مەبەستی ئایەتەکانی قورئان بۆ خزمەتی سیاسەت:

لە پەرتوکی ( جامع البيان) دا هاتووە کە (لە ناوچوونی موسڵمانان" بەندە بە تێگەیشتنی هەڵەو ڕاڤەی پێچەوانەیان بۆ قورئان)[2]، دەگێڕنەوە کە جارێکیان ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب پرسیار دەکا، کە چۆن دەکرێ موسڵمانان ناکۆك و ڕاجیاوازبن، لەکاتێکدا یەك پێغەمبەرو یەك قیبلەیان هەیە؟ "ابن عباس"یش –خوا لە هەموویان ڕازی بێت– پێیدەفەرموێ: ئێمە قورئانمان بۆ دابەزی و خوێندمانەوە و زانیمان باسی چی دەکا، بەڵام ئەوانەی لە دوای ئێمە دێن، دەیخوێننەوەو ناشزانن باسی چی دەکا" بە تێگەیشتنی خۆیان

---

١– بڕوانە: الإسرائيليات: د. محمد أبو شهبة، لاپەرە: ٣٧.

٢– بڕوانە: جامع البيان– جامع بيان العلم و فضله: ١٩٣/٢.

قسەی لە سەردەكەنو لە ئەنجامدا ناكۆكی دەكەوێتە نێوانیان، تەنانەت تووشی شەڕو كوشتنیش دەبن[1]، "الشاطبـي" لە "ابن وهب"ـەوە دەگێڕێتەوە، كە "بكير" پرسیاری لە "نافع" كردووە دەربارەی رای "ابن عمر" لە سەر حەروریەكان –بەشێك بوون لە خەواریجەكان– " ئەویش لە وەلآمدا فەرموویەتی: (خراپترین كەسن" ئەو ئایەتانەی كە باسی بێبڕوایان دەكات، لەسەر موسڵمانانی جێبەجێدەكەن)[2].

هەموو مەزهەبە لادەرەكانی، وەك شیعەو موعتەزیلەو هاوشێوەكانیان" تەفسیرو راڤەی ئایەتەكان بەلای مەزهەبەكانیاندا دەشكێننەوە، تا ئەو رادەیەی كە مانا و واتای هەندێك لە ئایەتەكانیان بەتەواوی شێواندووە، بەڵكو هەر تەواو پێچەوانە بوونەتەوە، وەك ئەو تەفسیرانەی هەندێك لە سۆفیەكانو شیعەو باتینیەكانو بێباوەڕ –ئاتایست– ـەكان كردوویانە، بۆ نمونە لە تەفسیری ئایەتی (وورث سليمان داود) (النمل/١٦)، ـدا دەڵێن: ئیمامی عەلیش میراتگری عیلمی پێغەمبەرە، كەعبە پێغەمبەرە" دەرگاكەشی ئیمامی عەلیە، لە تەفسیری ئایەتی: (مرج البحرين يلتقيان) (الرحمن/١٩ )، یشدا دەڵێن: مەبەست پێی ئیمامی عەلی و فاتیمەی خێزانیەتی، مەبەست لە لوئلوء و مەرجانیش لە ئایەتی: (يخرجُ منهما اللؤلؤُ والمرجان)(الرحمن/٢٢) ـدا" ئیمامی حەسەنو حوسێنە، ئایەتی: (إنَّ الله يأمُركم أنْ تذبحوا بقرة) (البقره/٦٧) مەبەست پێی عائیشە یە، ئایەتی: (تبت يدا أبي لهب وتب)(المسد/١) یش" مەبەستی ئەبو بەكر و عومەرە، ئایەتی: (لئن أشركتَ ليَحبطنَّ عملُكَ) (الزمر/٦٥)، مەبەستی ئەبو بەكر و عومەرە، دەرهەق لێسەندنی خەلافەت لە عەلی[3]!.

---

١– بڕوانە: الموافقات: الشاطبـي، ٣/٢٠٢.

٢– بڕوانە: فتح الباري:١٢/٢٨٦.و: الموافقات:٣/٢٠٢.

٣– بڕوانە: الإسرائيليات:لاپەرە ١٢٥.

## ج- بەرچدانەوەی دژەكانیان

شتێیكی ئاساییە لەم جۆرە ململانەیەدا رەوەتێكی دژو پێچەوانە دروست ببی، وە دەسەلاتداران دژایەتیان بكەن، چ بە چەوساندنەوە، وەیا ڕاونان و دوورخستنەوە، وەیا بە زیندانو خوێنێكی زۆریش رژا بۆ سرینەوەی یەكتر،وە هەموو شەرەكان لە ژێر پەردەو بەڵگەی ئاینی ئەنجامدراون، وپێشتریش ئاماژەمان بە چەند نموونەیەك دا.

لەم بارەیەوە ژمارەیەك لە زانایان چەند پەرتوكێیان داناوە كە بەدرێژی باسیان لەم ململانەیە كردووە، بۆ زیاتر دەتوانی پەرتوكی (من معالم الحق في كفاحنا الإسلامي الحديث)ی شێخ محمد الغزالی بخوێنیەوە، یا پەرتوكی ( جمال عبدالناصر وحادث المنشية) ی محمود عەسافو پەرتوكی( قلب الإخوان محاكم تفتيش الجماعة) ی ثروت الخرباوی بخوێنیەوە كە زۆر بەوردی تیشك دەخەنە سەر ئەم لایەنە .

## د- لایەنگیریكردنی دەسەلاّتداران بۆ ڕاو بۆچوونێكی ئایینی لە دژی ڕاو بۆچوونێكی دیكەی ئایینی:

لە سەدە سەرەتاكانی خەلافەتەوە، ئەم باسوخواسە سەریهەڵداوە، بۆ نمونە عەبباسیەكان پشتیوانیان لەو ڕایە دەكرد كە قورئان مەخلوقەو سزای ئەوانەیان دەدا كە بڕوایان بەم بۆچوونە نەبوو، ئەمەش دوای ئەوەی كە موعتەزیلەكان توانیان دەسەلاّتداران رازی بكەنو خۆیانیان لێ نزیكبكەنەوە" ئیتر بۆ ماوەیەكی زۆر فیتنەو ئاژاوەیەكی گەورەیان هەڵگیرساند! تا ئەو كاتەی باوی ئەم شتانە نەما و ورژاندیان بە كۆتا هات.

# لێكەوتە و ئەنجامەكانی بەكارهێنانی دین لە سیاسەت

## ١_ زۆربوونی شەڕوئاژاوە لە نێوان موسڵمانان:

دوابەدوای ناكۆكیو كێشە سیاسیو مەزهەبیەكان" شەڕو پێكدادانی نێوان موسڵمان سەریانهەڵدا، بەداخەوە هەر چین و تاقمێكیش بەرگێكی دینیان دەپۆشی، بەلاَم ئەوەی زۆر سەیر بوو ئەوە بوو، هەر لەو كاتانەی ئەو هەموو ناكۆكیە كەوتە نێو موسڵمانان" فتوحاتی ئیسلامیش زیاتر پەرەیدەسەند لە سەردەمی ئومەویەكان، بەتایبەت لە ساڵانی ٤٠ی كۆچی تا ١٣٢ی كۆچی" ئەوە بوو فتوحات گەیشتە ئەندەلوس و رووسیا و باكوری ئەفریقیا، لەكاتێكدا كە لە ناوەخۆدا دەیان هەزار موسڵمان بەدەستی موسڵمانانەوە كوژران، بۆ نمونە: كارەساتی شەڕی (الجمل)ی ساڵی ٣٦ی كۆچی، لە نێوان سوپای عائیشەی دایكی ئیمانداران و سوپای ئیمامی عەلی رویدا –خوا لە هەردووكیان رازی بێت– و ژمارەیەك گەورە صەحابەی وەك "طلحة بن عبيد الله" و "الزبير بن العوام" و هیتریشی تێدا كوژران، كارەساتی شەڕی "صفين"یش لەساڵی ٣٧ی كۆچی، لە نێوان ئیمامی عەلیو موعاویەدا رویدا، كە دواتر خەڵكی شام قورئانیان بەرز كردەوەو هاتنە نێوانیانو داوایان كرد حوكم بە قورئان بكەنو سولَح بكرێت لە نێوانیان[1]، لەو نێوانەدا ولە سالی ٣٨ی كۆچی خەواریجەكان نارازی بوون لەوەی كە ئیمامی عەلی رازی بووە بەو حوكم و سولَحە و "ابن عباس" چووە لایان و قسەی لەگەڵ كردن و هەندێكیان پەشیمان بوونەوەو ئەوانەی دیكەش شەڕیان كردو كارەساتی شەڕی "النهروان"نیان هەڵگیرساند "بەسەركردایەتی عبدالله بن وهب السبائي" تا كوژران خەڵكێكی زۆریان كوشت و خوێنێكی زۆریان رشت[2]، لە

---

١– بڕوانە: تأريخ الإسلام: الحافظ الذهبـي، لاپەرە: ٣٢٢.

٢– بڕوانە: تأريخ الإسلام: الحافظ الذهبـي، لاپەرە: ٣٥٥.

ساڵی **٣٩**ی کۆچیش دیسان خەواریجەکان لە "حروراء" دەرکەوتنەوەو خەڵکێکی زۆریان بە ناوی کافر بوونەوە بە پیاو و ئافرەتەوە کوشت، مەگەر ئەوانەی جارێکی دیکە لەلای ئەوانەوە موسڵمان بوونی خۆی دوپاتکردبایەوە[١]!

لە ساڵی **٤٣**ی کۆچی لە ناوچەی "المذار" خەواریجەکان ئەمجارەیان خۆبەخۆ لەگەڵ یەکتری بەشەڕ هاتن، بە سەرکردایەتی "المستورد بن علفة" و "المغيرة بن شعبة"، لەساڵی **٦١**ی کۆچیش شەڕێکی زۆر گەورە لە نێوان حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی و سوپای یەزیدی کوڕی موعاویە لە کوفە روویدا[٢]، لەساڵی **٦٣**ی کۆچی کارەساتی شەڕی "الحرة" لە مەدینە روویدا[٣]، لەساڵی **٦٤**ی کۆچیشدا شەڕی "مرج راهط" لە نێوان "مروان بن الحكم" و "الضحاك بن قيس الفهري"دا روویدا و خەڵکی زۆر کوژرا[٤]، پاشان بەیعەت درایە مەڕوانی کوڕی حەکەم[٥].

لەساڵی **٦٥**ی کۆچی" نزیکەی حەڤدە هەزار کەس بە سەرکردایەتی "سليمان بن صرد" لە شام لە ناوچەی "عين الوردة" بۆ تۆڵە سەندنەوە لە بکوژانی ئیمامی حسێن کۆبوونەوەو بووە شەڕیان لەگەڵ هێزێك بە سەرکردایەتی "أدهم بن محرز" و خەڵکێکی زۆر کوژرا[٦].

لەساڵی **٧١**ی کۆچی" سوپای "مصعب بن الزبير" بەسەرکردایەتی "ابراهيم بن الاشتر" لە عێراق، بووە شەڕیان لەگەڵ سوپای "عبدالملك بن مروان" لە ناوچەی "دير الجاثليق"ی

---

١- بڕوانە: تأريخ الإسلام: الحافظ الذهبي، لاپەرە: **٣٦٥**.

٢- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٢٦.

٣- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/١٩٨.

٤- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٢٣٥.

٥- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٢٦١.

٦- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٢٧١.

شام، بە سەرکردایەتی "محمد بن مروان" و کوشت و کوشتارێکی زۆر روویدا و موصعەبی کوڕی زوبەیر یش کوژرا[١].

لە ساڵی ٧٢ی کۆچی" شەڕێکی گەورە ٨ مانگی، لە نێوان "الملهب بن أبي صفرة" و ئەزاریقەکان "الازارقە"ی خەواریجەکان، لەناوچەی سۆلاف روویدا[٢].

لە ساڵی ٧٣ی کۆچی" عبداللەی کوڕی زوبەیر کوژرا، دوای ئەوەی کە نزیکەی ٧ مانگ لەناو مەککە ئابلۆقە درابوو" هەرچەندە لە زۆرینەی شار و دێهاتەکان بەیعەتی پێدرابوو، بەڵام دواتر بە مەنجەنیق هێرشکرایە سەر شاری مەککە و خودی کەعبە و خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون کوژران.

لە ساڵی ٧٧ی کۆچی" شەڕ و کوشتارێکی توند لەنێوان خەواریجەکان بە سەرکردایەتی "شبیب الشیبانی" و هێزەکانی حەجحاج بەرێوەچوو[٣].

لە ساڵی ٨١ تا کۆتاییەکانی ٨٣ی کۆچی شەڕ و فیتنەییێکی پڕ لەکارەساتو کوشتار، لە نێوان خەواریجەکان بە سەرکردایەتی "ابن أشعث" و هێزەکانی حەجحاج بەردەوام بوو" دەیان هەزار موسڵمانی تێدا بەدەستی موسڵمان خۆیانەوە کوژران[٤]!

١- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٣٣٨.
٢- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٨/٣٤٨.
٣- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٩/١٩.
٤- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٩/٣٨.

لە ساڵی ١٠١ی کۆچی" شەڕ لە نێوان لایەنگرانی "بسطام"ی خەواریجی حەڕوڕی، سەربازانی کوفە روویدا، ساڵی دواتریش شەڕ لەنێوان "مسلمە بن عبدالملك" و "یزید بن الملهب" سەریهەڵدا و بەدۆڕانی یەزید شەڕەکە کۆتاییهات[١].

لە ساڵی ١٢٢ی کۆچی" زەیدی کوڕی حوسەین لە شەڕێکدا لە بەرامبەر "یوسف بن عمر"ی جێنشینی عیراق کوژرا[٢]" زۆرینەی ئەو شەڕانەیش، یان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات بووەو خۆیان بۆ خەلافەت بە شایەن تر زانیووە، یان بەناوی داواکردنی تۆڵەی خوێنی ئیمامی عوسمان، یانیش بەناوی خوێنی ئیمامی حوسێن..

لە ساڵی ١٢٠ی کۆچیش" لایەنگران و شیعەی عەبباس دەرکەوتن، پاشان دەوڵەتو خەلافەتی عەبباسیەکان لە ساڵی ١٣٢ی کۆچی درووستبوو و شەڕو ناکۆکیەکان هەر بەردەوام بوون" لە ساڵی ١٣٤ی کۆچی کەسێك بەناوی "بسام بن ابراهیم" لە ژێر فەرمانی "أبو العباس" دەرچوو، ئەوەبو کە "حازم بن خزیمة"یش خۆی و هەموو لایەنگرانیشی کوشتن[٣].

لە ساڵی ١٤١ی کۆچی" گرووپێکی شەش سەد کەسی سەریانهەڵدا بەناوی (الراوندي)، بڕوایان وابوو کە تەناسوخی ئەرواح هەیەو "أبو جعفر المنصور"یش خوایانە" ئەبو جەعفەریش هەرهەموویانی کوشت[٤].

---

١- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٩/٢٤٤.
٢- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ٩/٣٧٠.
٣- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ١٠/٥٦.
٤- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ١٠/٧٥.

لە ساڵی ١٥٠ی کۆچی" پەتای خەواریجەکان گەیشتە ولاّتانی ئەفریقی و کۆمەڵێك بە ناوی "الصفرية" درووستبوون، کە ژمارەیان سێسەدو پەنجا هەزار کەس دەبوو" جێنیشینێکی ئەفریقایان کوشت و هەموو هێزەکەشیان لەناو برد[١].. شەڕی یەکترکوژی و ناوخۆیی هەر بەردەوامبووە، تا گەیشتۆتە سەردەمی نوێ و شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کوێت.

١- بڕوانە: البداية و النهاية: إبن كثير: ١٠/١١٠.

## ٢_ خوێنڕژان و توندوتیژی:

لە ساڵی ٢٤ی کۆچی" "أبو لؤلؤة المجوسي" بە خەنجەرێکی ژەهراوی لە ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب و دوازدە کەسی دیکەشی دا" شەشیان بەو هۆیەوە مردن، لە ساڵی ٣٥ی کۆچیش" دوازدە هەزار کەسی موسڵمان بەشداری کوشتنی ئیمامی عوسمانیان کرد، لە ساڵی ٣٨ی کۆچیش" سێ کەسی خواریج –عبدالرحمن بن ملجم، البرك بن عبدالله التميمي، عمرو بن بكر– پلانیان دانا، کە بەیەکەوەو لە یەك کاتدا ئیمامی عەلی و موعاویە و عەمرِی کوڕی عاص بکوژن و خەڵکی لەدەستیان رزگاریان ببێت و بحەسێنەوە[1]!

ئەوەبوو تەنها پلانی کوشتنی ئیمامی عەلی سەریگرت و شەهیدکرا" لەو ساتەوە تا ئێستا زۆر کۆمەڵ و گرووپی ئیسلامی بە ناوی دینەوە، لە هەریەك لە وڵاتانی ئیسلامی، وەك: میسر و جەزائیر و عیراق و سوریا و ئەفغانستان و پاکستان و سومالٌ سەریانهەڵدا و بوونە هۆی خوێنڕشتنی زۆرێك لە موسڵمانان.

هەروەها لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش، بە ناوی پارێزگاریکردن لە ئیسلام و تۆڵەکردنەوە لە دوژمنانی دین" خوێنێکی زۆر رژا و خەڵکێکی زۆریش لە ئیسلام تۆقێنرا.

ئەوەی کە هەریەك لە رێکخراوی "داعش" و "أنصار بيت المقدس" و "جيش النصره" و رێکخراوی "القاعده" ئەنجامیانداوە" خۆ هێندە کۆن و شاراوە نین و هێشتا لە بیرنەکراون.

کۆمەڵێکیش بەناوی "الجماعة الإسلامية في مصر" سەریانهەڵداو ساڵانێك توندوتیژی زۆریان ئەنجامداو پۆلیسو گەشتیارانیان دەکوشت بە ناوی ئەوەی کە گوایە کافران و ماڵی

---

١– بڕوانە: تأريخ الإسلام: لاپەرە ٣٦٧.

مەسیحیەكانی میسریشیان بۆخۆیان بە حەڵاڵ دەزانی، بەڵام شوكر بۆ خوا دواتر دەستیان لەوكارانە هەڵگرت و پاشگەزبوونەوە[1].

**٣- لاوازبوون و بێهێزبوونی موسڵمانان:**

دابەشبوون و پارچە پارچەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی موسڵمانان، لەگەڵ درووستبوونی دەوڵەتی عەبباسیەكان لە ساڵی ١٣٢ی كۆچی دەستپێكرد، ئەمەش دوای ئەوەی كە وڵاتی ئەندەلوس نەچووە ژێر ركێفی دەسەڵاتی عەبباسیەكانو هەر لە ژێر دەستی ئومەویەكاندا مایەوە، دواتر ئەوانیش لە نێو خۆیاندا بەش بەش بوون و دژایەتی یەكتریان كرد، پاشان دەوڵەتی دیكەش لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوا سەریانهەڵداو خۆیان لە گوێڕایەلیكردنی عەبباسیەكان دوورخستەوە، تا رۆژمان بەم رۆژە گەیشت، كە لاوازی و لەرزۆكی موسڵمانان لەوە روونترە شایەنی باسكردن بێت.

**د- ئازاردانی زانایانی ئایینی:**

- جارێكیان لە سەردەمی "أبو جعفر المنصور" ئیمامی مالیك –رەحمەتی خوای لێبێت– ئەو فەرموودەیە بۆ قوتابیەكانی دەخوێنێتەوەو شی دەكاتەوە، كە دەفەرموێ: (لیس على مستكرهٍ يمينٌ)" والی مەدینە بەدوایدا دەنێرێتو پێی دەڵێت: كە دەست لەو قسانە هەڵبگرێت، ئیمامی مالیكیش رازی نابێت، ئەویش لە بەر چاوی خەڵكیەوە بەقامچی

١- بڕوانە: نهر الذكريات و المراجعات الفقهية للجماعة الإسلامية:كرم زهدي و ناجح إبراهيم:لاپەرە ٨.

لێیدەداتو قۆڵیشی رادەكێشیو شانی لەجێ دەچێت" ئیدی فەرمان دەردەكات كە تا ماوەیەكی دیاریكراو، مافی دەرچوونی نیە لەماڵەوە[١].

- لە ساڵی ٢١٨ی كۆچی" لە سەردەمی خەلیفە مەئموون، بە راسپاردەو پشتیوانی موعتەزیلەكان" سەرجەم زاناو قازی فەرموودەناسان خرانە ژێر بارێكی تاقیكردنەوەو پرسیارو وەڵام، هەركەسێك نەیگوتبا قورئان مەخلوقە" سزا دەدراو زیندانی دەكرا، دیارترینی ئەو زانایانەی تووشی لێپرسینەوەو زیندانیو لێدانو ئەشكەنجەی زۆر هەڕەشەی كوشتن بوونەوە" ئیمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و محمدی كوڕی نووح بوون.

تا ئەو ئاستەی وەك ئیمامی ئەحمەد خۆی دەفەرموێ: كۆتو زنجیرێكی زۆر قورس و گرانیان خستبووە دەستو پێیەكانمو نەمدەتوانی هەنگاو بنێم و بەدەمدا دەكەوتم، كەچی بەو حاڵەشمەوە هەموو رۆژێك دەیانبردمە بەردەم خەلیفە (المعتصم)و لەوێ موعتەزیلەكان لێكۆڵینەوە و پرسیار وەڵامیان لەگەڵ دەكردم، خەلیفەیان لێم هاندەدا تا بمكوژێ" دەمێك دەیانگوت: پێش تۆ گاڵتەی بە خەلیفەكانی دیكەش كردووە، دەمێكیش دەیانگوت: كافر بووەو گومڕایەو سەریشی لە خەڵك شێواندووە.. تا جارێكیان لە بەر راكێشان و هێنان و بردنم بەم هەموو قورساییەوە" هەردوو دەستم لە جێ چوو، زۆریان بەقامچی لێدام، چەند جار لە تاوی لێدانو ئازار لە هۆش خۆم چووم[٢]..

١– بڕوانە: سیر أعلام النبلاء: الحافظ الذهبی :٤٢/٦.

٢– بڕوانە: سیر أعلام النبلاء:٤٩٠/٧، و: البدایة و النهایة:٣٣٠/١٠.

## لەکۆتاییدا:

ئەم توێژینەوە دەیسەلمێنێ، کە بەکارهێنانی دین بۆ مەرامی سیاسی چەند مەترسیدارە، مەترسیەکەش دەکەوێتە سەر خودی دین؛ چونکە هەموو دەقەکان دەیسەلمێنن، کە دین ڕەحمەتە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وما أرسلناك إلا رحمةً للعالمين) (الأنبياء/١٠٧)، واتە: ئەی پێغەمبەر؛ ئێمە تۆمان تەنها بەڕەحمەت ناردووە بۆ هەموو خەڵکی، پێغەمبەری خواش –صلى الله عليه وسلم– دەفەرموێ: (ما بعثتُ لعاناً، وإنَّما بعثتُ رحمةً)، واتە: خوای گەورە منی بە ڕەحمەت ڕەوانە کردووە، نەك زەحمەتو نەفرەت، ئەمە جگە لەوەی کە خوای گەورە ڕێگری لە موسڵمانان کردووە شەڕ بکەن لەگەڵ کەسانێك، کە لە سەر دین شەڕیان لەگەڵ ناکەن، ئەوەتا دەفەرموێ: (لا ينهاكمُ اللهُ عن الذين لمْ يُقاتلوكم في الدينِ ولم يُخرجُوكم من ديارِكُمْ أنْ تَبرُّوهم وتُقْسطُوا إليهم إنَّ اللهَ يُحبُّ المقسطين)(الممتحنة/٨)، واتە: خوای گەورە ئەوەتان لێ قەدەغەناکا، کە چاك ڕەفتاریو دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی جەنگیان لە دژ نەکردوونو دژایەتی دینیان نەکردوونو لە شوێنوماڵو حاڵی خۆتان دەریان نەکردوون؛ خوای گەورە دادپەروەرانی خۆشدەوێ.

ئەم توێژینەوەیە؛ دەریخست کە هەڵە و پەڵە و کاری دزێوی هەندێك لەوانەی خۆیان بە موسڵمان دەناسێنن، چ زیان و لێدانێکە بۆ ئیسلام و چۆن وێنەی ئیسلامی شێواندووە و ناشرینی کردووە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە روونیکردەوە، کە بەکارهێنانی دین لە سیاسەت" لە رابردوو چۆن بۆتە بارێکی گرانو بەناوی فەرموودەوە چەندان قسەی بیَ ماناو زیانبەخش بلاَوکراونەتەوە و چەندین تەئویل و تەفسیری ناماقولّ بۆ دەقە ئایینیەکان کراون.

هەموو ئەوانەی کە باسکران" بارو ئەرکی سەرشانی زانایانی ئایینی راستەقینە قورستر دەکەن، بۆ پاراستنو داکۆکیکردن لە پاکی و بێگەردی رووی راستی ئیسلام، هەروەها بۆ دەرخستنی هەموو ئەو پیسیو پۆخلّەی بە دینەوە لکێنراوە، تا گەنجانمان پارێزراوبن.

ئەرکی سەرشانی هەموو دامودەزگاو دامەزراوە ئایینیە فەرمیەکانیشە" چاوکراوەو هاریکار بنو کاری بەیەکەوەیی ئەنجامبدەن، بۆ دەرخستنو ریشەکێشکردنی بیرو بۆچوونە تێکدەرو وێرانکارەکان، بە بەلّگەی عەقلّی و نەقلّی و روون و رەوان، خۆزگە دەشکرا بەچەندین زمانی جیاواز ئەم کارە بەڕێوە چووبوایە، تا وێنەی ئیسلام" جوانترو درەوشاوەتر نیشان بدرێتەوە بەجیهان.

